# هەمیشە بەدیار یادەوەریەکانی گەنجێتیەوە خەو دەیباتەوە

## مام رەسوڵ: بەخوا ناوی سیانیم نازانم



ئا: لێدوان

ئەو پیاوێکی بەتەمەنەو روخساری پڕە لە پاکیەتی، مرۆڤێکی بێوەیەو بێکەس‌و بێشوێن‌و تەنهایە، چەرمەسەریەکانی ژیان‌و بێکەسی نەی هێشتووە ژن بهێنێت‌و ئێستاش هەر وا بە تەنیایی ماوەتەوەو خەریکی حەمباڵی کردنە، زۆربەی کات بێئەوەی جیاوازی لەنێوان شەوو رۆژدا بکات، لەسەر شۆستەو شەقامەکان پاڵ دەکەوێت‌و خەوێکی شیرین دەیباتەوە، ژاوە ژاوی بازار هیچ کاری تێناکات‌و پێدەچێت بە خەوتن وەڵامی ساتە رەشەکانی ژیان بداتەوە، ئەو کاتەی کەوتە قسەکردن گلەیی لە ژیان‌و هەژاری‌و بێدەرەتانی لەچاوە کزۆلەکانیدا دەباری، مام رەسوڵ تەنیا ناوی باوکی دەزانێ‌و لە تەمەنێکی کەمدا دایك‌و باوکی کۆچی دوایيان کردووەو ناچار ئەویش وەك خۆی دەڵێ بە نانە سکە، کاری بۆ خەڵك کردووە، ئەو پیاوە پیرە باوکی ناوی محمد بووە، بە منداڵی لەدوای مردنی دایك‌و باوکی لە ناو گوندەکەیاندا خولاوەتەوەو ئەو گوندو ئەو گوندی کردووە تا کارێك بکات‌و و بتوانێت پاروە نانێکی دەست کەوێ.

سەبارەت بە خەوتنی سەر شۆستەکانیش ووتی : من خۆم حەز بەو جۆرە خەوانە دەکەم زۆر جاریش خەون دەبینم کە شوانم و حەیوان دەلەوەڕێنم، یان دەچم دار دەهێنم، دواتریش ووتی من هۆدەو هەیوانێکی بچوکم هەیە کە کوڕەکەی محەمەد سەرسیانی برای وەستا بەکری حەلاق بۆی کردووم کە تا دەمرم تێیدا بژیم، بەڵام هی خۆیەتی هی کەسی دی نیە. مام رەسوڵ لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا تا ئێستا هیچ لایەنێکی حزبی و حکومی یارمەتیان داوە، ووتی نەخێر، ئەگەرچی ئێستا کارم کەم پێدەکرێت‌و دەستێکم تەواو نیەو ئازار لە قاچەکانمدا هەیە، بەڵام هیچ داواکاریەکم لەهیچ کەس‌و لایەنێك نیە، هەروەها باسی لەو کاتانە کرد کە تواناى دارهێنانی هەبوە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی داربرین قەدەغە کراوەو ئەویش تواناى جارانی نەماوە، بۆیە ئەو کارە ناکات، تەنیا خەونی پێوە دەبینێت. مام رەسوڵ پێشترو لە تەمەنی گەنجیدا حەزی لە ژنهێنان بووە، کەچی نەیتوانیوە، چونکە هیچ کەسێك یارمەتی نەداوە، بۆیەش دەیوت، ئەگەر توانام هەبوایە، ژنم دەهێناو حاڵم بەوەی ئێستام نەدەگەیشت.

> **بە منداڵی لەدوای مردنی دایك‌و باوکی لە ناو گوندەکەیاندا خولاوەتەوەو ئەو گوندو ئەو گوندی کردووە تا کارێك بکات‌و و بتوانێت پاروە نانێکی دەست کەوێ.**

# گرفتی بێکاری‌و پێشنیار بۆ چارەسەر کردنی

## مامۆستا ئەحمەد: هۆکاری بێ‌ئیشیەکەی کوردستان ئەوەیە کەسوپایەك لەتەمبەڵ و کارمەند هەن کە لەسەر ئەساسی پێویستی وەر نەگیراون


ئا/محەمەد سوڵتان

بێکاری ئەم مانایە دەگەیەنێت کەدەستی کارمان هەبێت لەبازاردا و بەنرخی کرێی دیاریکراوی بازار حەزیان لەکاربێت‌و توانای کارکردنیشیان هەبێت، بەڵام کاریان دەست نەکەوێت. لەکوردستاندا ئێستا جۆرێك لەبێکاریمان هەیە کە رووپۆشراوە ئەمانە قسەی مامۆستا ئەحمەد خدرە کە شارەزایی لەبواری ئابوریدا هەیەو خاوەنی بروانامەیە، مامۆستا زیاتر دواو ووتی: هۆکاری بێ‌ئیشیەکەی کوردستان ئەوەیە کەسوپایەك لەتەمبەڵ و کارمەند هەن کە لەسەر ئەساسی پێویستی وەر نەگیراون، یەك پێوەرو یەك دابەشکردن بۆ موچەی کرێکارو مامۆستاو کارمەند و فەرمانبەر هەیە، هۆکارەکانی دروستبونی بێکاری جارێکی تر، نەبونی قاعیدەیەکی ئابوری بەهێز، هەروەها نەبونی ستراتیجیەتی ئابوری لەکوردستاندا ،نەبونی بنەمایەکی پیشەسازی بەهێز لەکوردستاندا، نەبونی کەرتێکی تایبەتی کارا لەکوردستاندا هەلژینێکی تەواوی هەبێ بەکۆی دەستی کارولەبازاردا، دەرهاویشتەکانی زانست‌و فێرکردن لەکوردستاندا بۆ خزمەتی پرۆسەی ئابوری نیە. کوردستان نەبۆتە شوێنی کێبڕکێی دروستکردنی کارگە بەتایبەتی لەڕووی پیشەسازی و کشتو کاڵیدا.

هۆکارێکی تر بەرای ئەو کەوای کردوە بێکاری دروستبێ بە هەر دوو دیوی سروشتی‌و مرۆیی بەشێوەیەکی باش پێشوازی لیناکرێ بۆ پرۆسەی بەرهەمداری و پێش کەوتنی کۆمەڵایەتی‌و رامیاری. لەدرێژەی قسەکانی زیاتر دواو ووتی: ئامارو رێژەی بێکاری لەکوردستان لەسنوری (١٠٪) تا (١٢٪) یە پێویستە حکومەت ئیش لەسەرتوانای ئیداری خۆی بکات لەبەرئەو هەڵاوسانە گەورەیەی کەلە دامو دەزگاکان هەیە، ئیش لەسەر بچوك کردنەوەی خۆی بکات، حکومەتێکی تەکنۆکراتمان هەبێ، لەسەر ئەساسی پسپۆڕی‌و کە فائەت، ئێمە ئینسانەکان دابنێین لەوەزارەت، کێشانەوەی تەواوی دەسەلاتی حزب لەسەر حکومەت، واتە سەربەخۆبونی ئەدای کاری حکومەت لەپێناو خزمەتە نیشتیمانی و نەتەوەیی و ئابوریی دوور مەودا لەکوردستاندا. مامۆستا ئەحمەد زیاتر روونکردنەوەی داو ووتی: ئیش کردن لەسەر کەرتی تایبەت، کەرتی کشتوکاڵ کارابکات چونکە ئێمە بەرووبەر خاوەنی نزیکەی (٨) دۆنم زەوی کشتوکاڵین ، کەتەنها کشتوکاڵ بەسە کە ببێتە هۆی دۆزینەوەی کار لەکوردستاندا.

کاریگەریەکانی بێکاری فرە رەهەندن، لەرەهەندی ئابورییەوە بگرە تادەگاتە کۆمەڵایەتی مرۆڤەکە وەك خۆی ئەمانە کۆمەڵێك بەجیا شوێنەواری گەورەی کۆمەڵایەتی ترسناکیان لێدەکەوێتەوە.

لەم بارەیەوە خوێندکاری ئامادەیی باڵەك دەربەندی وتی: ئەو قەیرانانەی کەلەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق هاتونەتە پێش، دەتوانم بڵێم بێ بەرنامەیی حکومەت لەدروستکردنی پرۆژەی گەورەی وەبەرهێنان‌و ئێستا ئێمە بێکارین، نەك بەرهەم هێن، کەلو پەلەکان بەزۆری لەدەرەوە بۆمان دێن. هیچ شتێکی وەبەرهێنانی ناوخۆیمان نییە لەسادەترین شت بگرە کەئاوی خواردنەوەیە، تا دەگاتە پێداویستی تر، بۆیە پێویستە حکومەت هانی سەرمایەداران بدات بۆ کردنەوەی پرۆژەی گەورەی خزمەتگوزاری وەك پرۆژەی دروستکردنی جل و بەرگ، هەروەها وتی: سەرمایەکانمان وا راهاتوون کەزۆرترین پارە لەکەم ترین کاتدا بەدەست بهێنن، بێ بەرنامەیی حکومەت لەنایەکسانی دامەزراندن کە دووحزبی دەسەلاتدار، دای مەزراندون هیچ لەسەر ئەساس‌و شیاوی کەسەکە نەبووە، بەڵکو لەسەر ئەساسی پشتگیری کەسەکەبووە لەلایەن حزب، ئەم کارەش وایکرد کە هەرچی گەنجی لادێکان بوو دەستیان لە چاندنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان هەڵگرت و روویان لە دامەزراندن لەوەزارەتەکان کرد، ئەمەش وای کرد کە کۆمەڵێك گەنج بەکارەکەی خۆیان نارازی بن. خاڵێکی تر ئەوەیە کە زۆربەی ئەوکەسانەی لەسەروی تەمەنی (٤٠) ساڵیەوەن ، خانەنشین کراون ئەمەش هۆکارێك بوو، چونکە ئەم کەسانە لەگوندەکان دەیان توانی زەویەکی کشتوکاڵی باش دابچێنن‌و کۆمەڵێك کەس بەکرێ بگرن. ناوبراو لەسەر چارەسەرکردنی زووتری بێکاری داوای لەحکومەت کرد یارمەتی کەرتی کشتوکاڵی‌و کەرتی تایبەت بدات. هەروەها سلێمان خوێندکاری پەیمانگا ووتی: هاتنی عەرەبەکان بۆ ناوچەکەمان وای کردووە کە گەنج بەرادەیەکی زۆر بێ ئیش و کاربێ، چونکە ئێستا خاوەن کارەکان بە کرێکاری کورد کار ناکەن‌و زیاتر بەوانی دەسپێرن، چونکە رەنگە ئەوان بە کرێیەکی کەم کار بکەن.



# ئایا دوورکەوتنەوەی کتێبخانەی گشتی لەناو شار، کاریگەری لەسەر رێژەی خوێنەران هەیە

## مامۆستا دڵشاد: ئەگەر دوورخستنەوە کاریگەری هەبوایە، ئێستا کە لەنزیك پەیمانگاو کۆلیژو کۆمەڵگەی فەرمانگەکانە دەبوو خوێنەری زیاتری هەبێ



ئا: زریان جەوهەر قەمتەرانی

لەو بارەیەوە مامۆستا مەولود محەمەد (مامۆستای کوردی) لەپەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی رانیە، پێی وایە ئەگەر کەسێك خوێنەر بێت، ئەوەندە رێگایەکی دوورنیەو ناو شاریش جێگایەکی ئەوەندە گەورەی نیە. هەروەها ووتی: کاتی خۆی کەمتر خەڵك سەردانی کتێبخانەکەی دەکرد ،وتیشی خوێنەرەکان ئەوەندە خوێنەری جدی نین، بەرای ئەو ئینتەرنێتیش هۆکارێکی تربوە، کەوای لەخوێنەر کردوە کەمتر روو لە کتێبخانەکان بکەن چونکە ئاسانتر خوێنەر سەرچاوەکانی دەستدەکەوێت، هەر لەوبارەیەوە (م. دڵشاد) مامۆستای کارگێری لەپەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی رانیە ووتی: بێگومان خوێندنەوە کارێکە قوربانی دانی دەوێت، پێویستی بەماندووبوونەو ئەو پێی وایە کاریگەری دوورکەوتنەوە بەو شێوەیە نییە کە باسی لێوەبکەم. چونکە خوێنەر دەبێ بەدوای خۆرۆشنبیرکردندا بگەرێت لەهەموو کون‌و قوژبنێکی ئەم شارەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێی وایە کە ئەوانەی لەناوشاردا زیاتر سەردانی کتێبخانەیان کردووە ئێستا ناچن، وەك وتی ناکرێ بڵێین کەدوورکەوتنەوەی کتێبخانەیەك بەچەند سەد مەترێك مانای دابرانی تەواوی خوێنەرانی رانیەیە لەو کتێبخانەیە، بەهەمان شێوە هۆکاری ئینتەرنێت‌و هەرتەکنەلۆژیایەکی تر، بەهۆکاری کەمبونەوەی خوێنەران زانی‌و پێی وابوو کەکاریگەری لەسەر خوێنەردەبێت، بەڵام ئەو شوێنەی ئێستای لەپێشەکی شار یان نیمچە دەرەوەی شار کاریگەری ئەوتۆی نەبووە، چونکە لەئەسڵدا کتێبخانەی رانیە خوێنەری زۆری نەبووە، ئەگەر کاریگەری هەبوایە ئێستا لەنزیك پەیمانگاو کۆلیژو کۆمەڵگەی فەرمانگەکانە،دەبوو ئەسڵەن خوێنەری زیاتربێ،ئەوانەی ئێرەش کەسەردانیان کردووە، تەنها بۆ رۆمان‌و چیرۆك بووەو هیچی تر کتێبخانە بۆئەوەیە کەتۆ بەدوای سەرچاوەی زانستی وەکو مێژوو جوگرافیا دابگەرێی، وتیشی دڵنیاتان دەکەمەوە کەکتێبخانەی رانیە دەوڵەمەند نیە بەسەرچاوەی زانستی .

م. ئاراس مامۆستای مێژوو لەپەیمانگای مەڵبەندی مامۆستیانی رانیە وتی: بەرای من دوورکەوتنەوەی هۆکارنەبێ بۆ کەمبوونەوەی خوێنەر، بەڵکو کتێبخانەی رانیە پێشتریش خوێنەری کەمی هەبووە، من خۆم زۆرجار چووم کەکورسیەکان یەك دونیا تۆزیان لەسەرنیشتوە ئەوەنیشانەی ئەوەیە کەخوێنەری زۆر کەم بووە، ئەوکەسانەی کەدەچن بەزۆری ئەوانەن کە خەریکی نوسینی راپۆرتن بۆ سەرچاوەکان بەڵام مۆدیلێکی تازە پەیدا بووە کە خوێندکاران دەچن لەشوێنان راپۆرتی تازەو حازرکراو دێنن، دەیبەن بۆ مامۆستاکان، کەئەوەش وادەکات کەمتر پێویستیان بەکتێبخانە هەبێت، یان بۆ نمونە کتێبخانەی رانیە بۆخۆی کێشەیەکی گەورەی هەیە کە کەمتر گرنگی پێدراوە، ئەو خراپی کتێبخانەکەی بۆ هۆکاری تر گێرایەوە، کەخوێنەر زۆر ماندو دەکات‌و زۆر بەزەحمەت سەرچاوەکەی دەست دەکەوێت، بۆ نمونە کەبتەوێ بەدوای کتێبێکدا بگەرێیت دەبێ دووسەعات بگەرێت، لەوانەیە دەستت نەکەوێت،

مامۆستا ئەحمەد مامۆستای قۆناغی سەرەتایی، ئەو پێی وایە کەدوورکەوتنەوەی بینا هەردوو لایەنی سلبی و ئیجابی هەیە، کتێبخانەی ئێرە بەهۆی بچوکی بیناکەو قەرەباڵغی شوێنەکە دوورکەوتنەوە بۆ ئەولایەنە باشتر بوو، بەڵام کەسێك کەخوێنەربێ بەراستی هەرچەندە کتێبخانەکە دووربێ، بۆ ئەو نزیکە.

پاشان صابر محەمەد خدر (قوتابی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی رانیە) وتی: راستە بیناکە چۆتە دەرەوەی شارو ئێستا شوێنێکی فراوانی هەیەو خوێنەر ئەگەر خوێنەربێت دەتوانێ بچێ بۆ شوێنەکە.

پاشان ئارام قادر فێرخوازی زانکۆ لەکۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەشی فەلسەفە ووتی: بێگومان دوورکەوتنەوەی کمتێبخانە لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر تاکو خوێنەر لەگەڵ ئەوشوێنە رادێ بەشێکی لەخوێنەرانی لەخۆی دادەبڕێ، لەبوارێکی تر هۆکاری کەمی خوێنەری بۆ کەمی سەرچاوەی زانستی گێرایەوە بۆیە قوتابیانی زانکۆو پەیمانگا رووی تێناکەن، تاکو سەرچاوەی پێویستی زانستیان دەست بکەوێت‌و هۆکاری تر ئەوەیە کە خوێندنەوە لای ئێمە نەریت نییە، تاکو بەشوێن کتێبخانەدا بگەرێین‌و تاکی ئێمە دەرفەتی کەمی لەبەردەم خۆیدا هێشتۆتەوە بۆ خوێندنەوەو دەرخواردانی وشەکان بۆ خۆی.